هاوەڵانی پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- لە ژیانیدا؛ چاوەڕوانی نوێژی عیشیان دەکرد هەتاوەکو سەریان نزمدەبووە (بەهۆی باوێشک ونزیکبوونی زاڵبوونی خەو)، پاشان نوێژیان دەکرد ودەستنوێژیان نەدەگرت

لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «هاوەڵانی پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- لە ژیانیدا؛ چاوەڕوانی نوێژی عیشیان دەکرد هەتاوەکو سەریان نزمدەبووە (بەهۆی باوێشک ونزیکبوونی زاڵبوونی خەو)، پاشان نوێژیان دەکرد ودەستنوێژیان نەدەگرت».

[صەحیحە] [ئیبنوداود گێڕاویەتیەوە - موسلیم گێڕاویەتیەوە]

هاوەڵانی پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- لە ژیانیدا؛ چاوەڕوانی نوێژی عیشیان دەکرد، خەوتنێک دەخەوتن بەڵام قووڵ نەبوو -سووکە خەوتنێک- پاشان نوێژیان دەکرد ودەستنوێژیان نەدەگرت، وەهەرکەسێک کردەوەیەکی ئەنجامدابێت لە ژیانی پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- وئەو نکۆڵی لەم کارە نەکردبێت ئەوا ئەمە لە ڕازی بوون ودانپێدانانە بەو کردەوەیە، وئەم دانپێدانان یان ڕازی بوونە -إقرار-ە یەکێک لە جۆرەکانی سونەت کە سونەتیش چەند جۆرێکە وتە وکردەوە وڕازی بوون -إقرار-، بۆیە هەرکردەوەیەک ئەنجامدرابێت لە سەردەمی پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- وئەو نکۆڵی لێنەکردبێت ئەوا سونەتی تەقریری پێدەڵێن (واتا ڕازی بووە لەسەر ئەنجامدانی ئەو کردەوەیە ونکۆڵی لێنەکردووە)؛ ئەگەر نوێژەکەیان پوچەڵ بووایە یان ئەم کردەوەیان دروست نەبووایە ئەوا پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- ئاگاداریانی دەکردەوە، بەهۆی زانینی یان لە ڕێگەی وەحیەوە پێی دەووترا، بەڵام ئەمە ئەو کردەوانە ناگرێتەوە کە لە پاش کۆچی دوایی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەنجامدراوە. (هەتاوەکو سەریان نزمدەبووە -بەهۆی باوێشک ونزیکبوونی زاڵبوونی خەو-): واتا سەریان لاردەبووەوە بەهۆی زاڵبوونی باوێشکەوە، ولە گێڕانەوەیەکدا: (هەتاوەکو گوێم لە پرخەیان دەبوو وپاشان هەڵدەستان نوێژیان دەکرد ودەستنوێژیان نەدەگرت)، ولە گێڕانەوەیەکی تردا: (لەسەر لا پاڵدەکەوتن). (پاشان نوێژیان دەکرد ودەستنوێژیان نەدەگرت): واتا هەڵدەستان ونوێژیان دەکرد ودەستنوێژیان نوێ نەدەکردەوە؛ چونکە خەوەکەیان قووڵ نەبوو -تەنها سەرخەو شکاندن بوو-، چونکە ئەگەر ئەو جۆرە خەوتنە دەستنوێژی بشکاندایە ئاگاداریانی دەکردەوە وڕازی نەدەبوو -صلى الله عليه وسلم-. بە کۆکردنەوەی بەڵگەکان ئەوە جێگیرە کە خەوتن دەستنوێژ دەشکێنێت وەکو سەرئاوکردن، هەروەکو -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: (ولكن من غائط وبول ونوم) واتە: (-دەستنوێژ دەشکێت- بەهۆی پاشەڕۆ فڕێدان ومیزکردن وخەوتن)، وهەروەها پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: (العين وكاء السَّه فمن نام فليتوضأ) واتە: (چاو بەستەرەوەی پاشەوەیە؛ بۆیە هەرکەسێک خەوت با دەستنوێژ بگرێت)، ولە گێڕانەوەیەکی تردا: (العين وكاء السَّه، فإذا نامت العينان استطلق الوكاء) واتە: (چاو بەستەرەوەی پاشەوەیە؛ ئەگەر چاوەکان بخەون بەستنەوەکە نامێنێت -دەکرێتەوە-)؛ واتا کاتێک مرۆڤ ئاگای لە خۆی بێت وچاو کراوە بێت ئاگاداڕە چی بەسەردا ڕووودەدات لە با دەرچوون وشتی تر بەڵام کاتێک بخەوێت ئاگای لە خۆی نامێنێت. بۆیە ئەم فەرموودانە بەڵگەن لەسەر ئەوەی خەوتن دەستنوێژ دەشکێنێت، بەڵام ئەم فەرموودەیە وگێڕانەوەکانی تر بەڵگەن لەسەر ئەوەی خەوتن دەستنوێژ ناشکێنێت؛ چۆن تێگەیشتن یەکگرتوو بێت لە نێوان ئەم فەرموودانە؟ (پرخە وپاڵکەوتن لەسەر لا -بۆ سەرخەو شکاندن) ئەگەر خەوەکە قووڵ نەبێت چونکە جاری وا هەیە کەسێک پرخەی دێت بەڵام خەوەکەی قووڵ نەبووە، وهەروەها لەسەر لا پاڵکەوتن مانای ئەوە نییە خەوەکەی قووڵ بێت، بەم شێوەیە تێگەیشتن لە بەڵگەکان کۆدەکرێتەوە بۆئەوەی هەندێکیان پەک نەخرێت وکردەوەی پێنەکرێت. وسەرەنجام: ئەگەر مرۆڤ خەوەکەی قووڵ بوو بەشێوەیەک هەموو هەستێکی نەما ئەوا دەبێت دەستنوێژ نوێ بکاتەوە، وئەگەر خەوەکە قووڵ نەبوو ئەوا واجب نییە دەستنوێژ نوێ بکاتەوە، بەڵام باشتر وسەلامەتتر ئەوەیە دەستنوێژ نوێ بکاتەوە ئەمیش بۆئەوەی پەرستنەکەی دروست بێت ویەدەگ -احتیاط- وەربگرێت. وئەگەر گومانی هەبوو لەوەی خەوەکەی قووڵ بووە یان نا؟ ئەوا دەستنوێژەکەی ناشکێت؛ چونکە بنچینە

ئەوەیە دەستنوێژی هەیە وشتی یەقین ودڵنیایی لاناچێت بە شتی گوماناوی. پێشەوا شێخی ئیسلام ئیبن تەیمیە - ڕەحمەتی خوای لێبێت- دەڵێت: (ئەو خەوتنەی کە گومانی لێی هەیە: ئایا بای لێدەرچووە یان نا؟ ئەمە دەستنوێژ ناشکێنێت؛ چونکە دەستنوێژەکەی جێگیرە بۆیە یەقین ودڵنیایی لاناچێت بە شتی گوماناوی).

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/8394